**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلــەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشـت بـەو یاسـایـەی ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردسـتان– عـیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مــادە دە/یەکــەم لــە یاســای ژمــارە(١)ی ســاڵی ٢٠٠٥، یاســای ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســــــتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـوانـد:

## یاســای ژمـارە (١٣)ی ساڵی / ٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی بـازرگـانی لــە هەرێمی کوردستان ـ عێـراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:**هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق.

**دووەم:**وەزارەت : وەزارەتی بازرگانی.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری بازرگانی.

**چوارەم:** بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی بازرگانی.

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە کـە لەچوارچێوەی چاکترکردنی سـەرلەبەری(الـشامل) ئابووریـدا، ئیش و کاری ئەم وەزارەتە لە فراژوکاری( التنمیة) و بەهێزکردنی بزاڤی ئـابووری و بازرگانیـدا، بەجۆرێ ڕێك بخـات، کـە بـەکردار لـە سەرچـاوەو وزەو توانـستەکانی بەردەسـت، پـڕ بەپێـست بەرخوردار،( الاستغلال الامثل) بێت. ئەوەشی لەگەڵدا بێ کە بەپێی راو ئاواتی هەرێم پێشنیازی سیاسـەتی ئـابووری و بازرگـانی بـۆ فراژوکـاری و هاوسـەنگ ڕاگـرتنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی پێشکەش بکات.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** ڕێکخستنی بزاڤی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەکی بۆ کەرتەکانی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** هانـدانی کـەرتی تایبـەت و کـەرتی تێکـەڵ، بـەجۆرێ کـە بنـەماکانی رەنێوهـانین (عناصر الإنتاج) لە نێوان شارەکانی هەرێم ودەرەوەی هەرێمدا، بەئاسانی بێن وبچن.

**سێیەم:** بەشداری کردن لە ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو دەوڵەت و ڕێکخـراوەو کۆمپانیـا بازرگانییانـەدا کـە خـاوەن مـۆرکی بازرگـانی و ئـابوورین، بەجۆرێ کە بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تێدابێت.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم:** هاندانی بەکارخستنی سەرمایەی نیشتمانی و، وەکێشکردنی سەرمایەی بیانی، بۆ ئەوەی هاندانی وەبەرهێنان و فراژوکردنی وەبەرهێنان لە کەرتە جۆربەجۆرەکانی هەرێمدا، زامن ببێ و، کەش و هەوای لەباری بۆ فەراهەم بکرێ.

**پێنجەم:** بەرەوچاکتر گۆڕین(تطویر)و بەهێزکردنی بزاڤی ئابووری و بازرگانیی کەرتی تایبەت، بەجۆرێ، کە بتوانێ رۆڵی خۆی لە وەدی هێنانی ئاواتی فراژوکاریی (التنمیة) ئابووری و بازرگانیدا، بەهاودەنگی لەگەڵ کەرتەکانی ئابووریدا بگێڕێ.

**شەشەم:** وەزارەت هەوڵ دەدات، چارەسەری باری یاسایی و ئابووریی ئەو کۆمپانیانە بکات کە ئێستا هەن و سەربە وەزارەتەکەن و کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە، کە سیاسەتی ئابووری و بازرگانی ناوخۆیان بۆ دابنێ و میکانیزمی جێبەجێکردنی وەهایان بۆ بدۆزێتەوە کە لەگەڵ پێداویستەکانی بەکارخستنی ئەو سیاسەتەدا بگونجێ.

**حەوتەم:** بەستنی رێکەوتننامەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی ناوخۆو دەرەکی هەرێم، بەجۆرێ کە سوود بە هەردوو بزاڤی ئابووری و بازرگانی هەرێم بگەیەنێ.

**هەشتەم:** زامنکردنی هاوبەشبوونی هەرێم لە دانوستان و بەستنی رێکەوتننامە و گرێبەستی ئابووری و بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، لە چوارچێوەی دانوستان و رێکەوتننامەو ئەو گرێبەستانەدا، کە دەسەڵاتی فیدراڵی بەپێی یاسا بەرکارەکان پیادەی دەکات.

**نۆیەم:** سازدانی هاودەنگی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی هەرێمدا بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بزاڤی ئابووری و بازرگانیی بەهێز بکات.

**دەیەم:** ئەرکوفرمانی تۆمارکردن و ریقابەکردنی بزاڤی کۆمپانیاکانی ناوخۆو کۆمپانیای بیانی و لقەکانیان و وەکالەتە بازرگانییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

**یازدەم:** ئاڕاستەکردنی سیاسەتی بازرگانی بەرەو کاراکردنی بزاڤی رەنێوهێنەکی ( الانشطة الإنتاجیة) بۆ هاندانی بەدەرەوە فرۆشتن بەجۆرێ کە لەگەڵ بارودۆخی لەباوی ئابووریدا بگونجێ.

**دوازدەم:** هاندان و فەراهەمکردنی پشتگیری بۆ کەرتی تایبەت، هەروەها هاندانی ئەم کەرتە بۆ کردنەوەو رێکخستنی پێشانگا لە هەرێمداو، خۆسازدان بۆ بەشداریکردن لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکاندا.

**سیازدەم:** موراقەبەکردنی شمەکی هاوردەو، ماددەی خۆراك و، پاراستنی بەکاربەر(المستهلك).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم :**

وەزارەت لەمانە پێك دێت:

**یەکـــەم:** وەزیـــر: ســـەرۆکی بـــالآو ، بەرپرســـی ئـــیش وكـــارو ئاڕاســـتەكردنی سیاســـەت وسەرپەرشـــتیكردن و ریقابـــەكردنی وەزارەتەكەیـــەو، هـــەموو بڕیـــارو فـــەرمان ورێنماییەكیش پێوەندییان بە ئەركوفرمان و پێكهاتەو سەلآحییات و كاروباری دیكەی هونەری ودارایی وئیداری ورێكخستنی وەزارەتەكەوە هەیە، بەپێی حوكمەكانی یاسـا، لەوەزیرەوە دەردەچیٚ.وەزیـر لەبـەردەمی ئەنجومـەنی وەزیرانـدا بەرپرسـە، چـونكە خۆیشی ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنەكەیە.

**دووەم:** بریكاری وەزارەت: لە چوار چێوەی سەلآحییاتدا كە پێی دەسـپێردریٚ باریـدەی وەزیـر دەدات ، لە ئاراستەكردنی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباریدا.

**سێیەم:** نووسینگەی وەزیر: فەرمانبـەریٚ بەپلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆكایەتی دەكـا، بڕوانامـەی زانكۆیی هەبیٚ، ژمارەییٚ فەرمانبەریش باریدەی دەدەن.

**چوارەم:** نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فەرمانبەریٚ بەپلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆكایەتی دەكـا، بڕوانامەی زانكۆی هەبیٚ، ژمارەییٚ فەرمانبەریش باریدەی دەدەن.

**پێنجەم:** راوێژكارەكان: لـە چـواركەس زیـاتر نـابن، مەرجیـشە بڕوانامـەی زانكۆیـان هـەبیٚ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بن.

**شەشەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری ئیداری ودارایی.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان.

**هەشتەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.

**ماددەی پێنجەم :**

وەزیر، بۆی هەیە، لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەكانی وەزارەتدا، رێكەوتننامـە لەگـەلٚ كەسانی ئاسایی و مەعنەویی خاوەن ئەزموون و پـسپۆڕدا لـەدەرەوەو نـاوەوەی هەرێمـدا ببەستیٚ بۆ ئەوەی ئیش و كارو ئەركیان پیٚ بسپێریٚ بۆ ماوەیەك كـە خـۆی بـە گونجـاوی بزانیٚ، ماف و ئیلتیزاماتیشیان، وەزیر خۆی دیاریان دەكا.

**ماددەی شەشەم :**

**یەكەم:** ئەركوفرمان وئیشەتایبەتەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەكرێن .

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە ،رێنمـایی پێویـست بـۆ ئاسـانكاری جێبـەجێكردنی حوكمـەكانی ئـەم یاسایە دەر بكات.

**سێیەم:** وەزیر بـۆی هەیـە، هـەركام لـە بەڕێوەبەرایەتیـەكان یـان بەشـەكان یـان هۆبـەكان لـە پێكهاتەی وەزارەتەكەدا، بەپێی پێداویـستی كارەكانیـان، بكاتـەوە، یـان یـەكیانبخا، یان ئیلغایان بكات.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

هەر دەقێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، ناخرێتە كار.

**ماددەی هەشتەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و، لایەنە پەیوەندیدارە كانیش ، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتەكار و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان )دا بڵاودەكرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق**

لە رۆژی ( ٧ /٢٠٠٦/١١)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ١٦ /گەلاڕێزان/٢٧٠٦ ی كوردی

**- هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە -**

لەبەر ئەوەی وەزارەتی بازرگانی لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا وەزارەتێكی تازەیەو، بۆ ئەوەش كە بەپێی رەوشی یاسایی هەرێمی كوردستان، پێكهاتەو ئامانج و ئەركوفرمانەكانی دیاربكرێن و، بزاڤی بازرگانیی لە هەموو ئاستەكاندا رێك بخرێت بە جۆرێ كە فراژووكاریی( التنمیة) ئابووری لە هەرێمدا بێتەدی، لەبەر ئەوە، بەزەروور زانرا، كە یاسایەكی تایبەتی بۆ دابنرێ، لەبەر ئەوانە ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com